# له میدیاو رۆژنامەکانی جیهانەوە سەبارەت بە تاوانەکەی خوله کۆمەلە، ، ، ، وەرگیرانی کەژال حەمە رەشید





رۆژنامەنووسیکی کەنەدی بە ناوی (**Arminta Wordsworth**) لە (-**September** **30-2003**) لە رۆژنامەی (**National Post**) دا ئەم ووتارەی سەبارەت بە تاوانەکەی خووله کۆمەله بە رامبەر بە هیشووی کچی، بلاو کردەوە. بەهۆی دڕندەیی تاوەنەکەو دەنگدانەوەی لە میدیاو رۆژنامەکانی جیهاندا، هەروەها لە پیناو رسوا کردنی تاوانبارانی ئەم تاوانانەو هەلگرانی بیروباوەری نامووس پەرستی، بە پیوویستم زانی ئەم بابەتە وەکو خۆی تەرجومە بکەم. (کەژال حەمە رەشید)

"باوکیک دەپاریتەوە بۆ مردن پاش ئەوەی تاوانیکی کوشتنی بەبیانووی شەرەفەو ئەنجامدا. "

دادگای لەندەن ووتی: کوردیکی عیراقی، 16چەقۆی لە کچەکەی دا تا کوشتی.

"کیشمە کیشی کلتورەکان درایە بەر نارەزایەتی و گلەیی "

کوردیکی عیراقی کە کچەکەی خۆی کوشت لە تاوانیکی نامووس پەرستانەدا، دوینێ* لە بەردەم حاکم* لەندەندا ئەوپارایەوە تا حوکمی کوشتنی بدەن لەسەر تاوانە دڕندانەکەی.

عبدالله یونسی 48 سال هیشوو کچە شانزە سالانەکەی هەنجن هەنجن کرد بە چەندین لیدانی یەک لەدوای یەک، پاش ئەوەی هیشوو پیی ووتبو کە پەیوەندی خۆشەوویستی لەگەل کوریکی مەسیحی دا هەیە. دواتر عبدالله یوونس هەولی خۆ کوشتنی دا بە خۆهەلدانە خوارەوەی لە بالکۆنی نهۆمی سیهەمی مالەکەیانەوە، لە رۆژهەلاتی لەندەن. دادگای (**Old Baily**) بیستوویەتی کە چۆن ئەو کچە لەگەل ( **Samanizam** **Elkhuri**) ی 18 سال دا یەکتریان بینیوە لە کۆلیج و چۆن ناچار بوە کە وانەکانی بەجی بهیلی تا بتوانی لەگەل ئەودا بیت. وەکو دەردەکەویت هەردوو عاشق پلانیان دانابوو کە سەری خۆیان هەلگرن.

لەنامەیەکدا کە لەبەردەم دادگای لەندەندا خوینرایەوە هیشوو نوسیویەتی:

"مال ئاوا بابە، ببورە من مایەی ئاژاوەیەکی زۆر بووم بۆت. من و تۆ رەنگە هەرگیز لە یەکتر تی نەگەین. بەلام بەداخەوە من نەم توانی بەو شیوەیە بم کە تۆ دەتوویست. بەلام هەندی شت هەیە کە تۆ هەرگیز ناتوانی بیگۆری.) هەروەها نامەکە ئیشارەی بە توندو تیژی لەرادە بەدەری ئەو داوە لە هەولیدا بۆ سزادانی هیشوو. هیشوو نامەکەی بەم شیوەیە کۆتایی پی دەهینیت: (هیوادارم چیژت کردبی لە زەبرو زەنگ و دەسەلاتت بەسەر منداو سەرحال بوبیت. ئەو زۆر شتیکی بی مانا بوو کە بەم کۆتاییە بگەم.)

پاریزەرەکەی جەنابی یوونس ئەم کارەساتەی بە چیرۆکیکی تراجیدی، ناکۆکی نیوان باوکیک کە خاوەنی پەروەردەو خوو نەریتی تەقلیدی کوردیەو، لەگەل کچەکەی کە ببوە کچیکی رۆژئاوایی.

تاوانەکەی جەنابی یوونس کاریکی تۆقینەر بوو. ئەو لەگەل ئەوەدا کە 10 سالی لە بەریتانیا بەسەر بردبوو بەهۆی هەلهاتنی لە سەدام حسینی عیراق، بەلام هیشتا نەیدەتوانی بە زمانی ئینگلیزی قسە بکات.

پۆلیس ووتی: تاوانی کوشتنەکەی هیچ پەیوەندی بە شەرەفەوە نەبوو. (**Brent Hyatt**) لە ئۆفیسی

(ScotlandYard) له‌ لیدوانیكیدا بۆ BBC ووتی : " له‌و كوشتن و تاوانه‌دا به‌هیچ جۆریك شتیك نه‌بوو په‌یوه‌ندی هه‌بیت به‌ شه‌ره‌ف و ئیحترامه‌وه‌. "

پاش هه‌نجن هه‌نجن كردنی كچه‌كه‌ی، جه‌نابی یوونس هه‌موو هه‌ولی خۆی خسته‌ گه‌ر بۆ پاریزگاری كردن له‌ خۆی و ئاستی لیپرسراویتی خۆی به‌شیوه‌یه‌كی رسواكه‌رانه‌ دابه‌زاند تا رووی دزیوی خۆی بپاریزیت.

باوكه‌كه‌ سه‌ره‌تا وای ئیدیعا كرد كه‌ ئه‌ندامیكی ئه‌لقاعیده‌ ئه‌و تاوانه‌ی ئه‌نجامداوه‌، كاتیك وویستویانه‌ ماله‌كه‌ی ببرن. ئه‌و ته‌نها كاتیك دانی نا به‌ تاوانه‌كه‌یدا له‌ ناوه‌راستی لیكۆلینه‌وه‌كاندا به‌ رووخساریكی په‌شۆكاوی ته‌واو گومان لیكراوه‌وه‌.

بریاری زیندانی كردنی جه‌نابی یوونس تا مردن، درا. حاكم (Neil Denison) ووتی: "ئه‌مه‌ نیشانی دا كه‌ تۆ له‌ راستیدا زۆر به‌توندی شیوه‌ی ژیانی ئه‌م وولاته‌ت ره‌ت كردوه‌ته‌وه‌ بۆ كچه‌كه‌ت، وه‌ له‌ راستیدا ئه‌مه‌ كاری كردبوه‌ سه‌ر ئه‌ركه‌كانی له‌ قوتابخانه‌. به‌ گشتی ئه‌و تاوان و كوشتن و ره‌وشته‌ی تۆ خستته‌ روو كاریك* ترسناكه‌. "

پۆلیسی به‌ریتانیا ده‌لیت تاوانه‌كانی له‌چه‌شنی تاوانه‌كه‌ی جه‌نابی یوونس له‌ په‌ره‌سه‌ندندان له‌ ناو جالیه‌ ئاسیاویه‌كاندا به‌رامبه‌ر به‌ منالانی په‌نابه‌رانی له‌دایك بووی به‌ریتانیا كه‌ له‌ یاساو شیوه‌ی ژیان و په‌روه‌رده‌ی باوك و دایكانیان یاخی بوون.

ئه‌وانه‌ی كه‌ له‌گه‌ل ژنانی گه‌نجی جالیه‌ ئاسیاویه‌كاندا له‌ به‌ریتانیا كارده‌كه‌ن ئه‌لین: "چه‌ندین كه‌یس هه‌ن له‌و بابه‌تانه‌ی كه‌ ژنان تووشی تووندو تیژی و ئازاردان بوونه‌ته‌وه‌ له‌لایه‌ن ئه‌ندامانی خیزانه‌كانیانه‌وه‌ وه‌ختیك خوازیاری ژیانیكی سه‌ربه‌خۆ ده‌بن. ده‌ركه‌وتوه‌ كه‌ تاوانه‌كانیان ته‌نها ئه‌مانه‌ له‌ خۆ ده‌گریت: داوای چوونه‌ زانكۆ، رازی نه‌بوون به‌ زه‌واجی بۆ ریكخراو، خۆشه‌وویستی كردن.

لیپرسراویكی پۆلیس له‌ ده‌ره‌وه‌ی ژووری دادگا ووتی: "ئیمه‌ ژماره‌یه‌ك كه‌یسمان لایه‌ له‌ هه‌مان شیوه‌ی كوشتنی زۆر دلره‌قانه‌ به‌بیانووی شه‌ره‌فه‌وه‌، . ئیمه‌ ئیستا به‌شوین ئه‌وه‌دا ده‌گه‌ریین و لیكۆلینه‌وه‌ ده‌كه‌ین كه‌ چۆن بتوانین یارمه‌تی كچانی وه‌كو هیشوو بده‌ین.

پۆلیسیكی تر له‌ رۆژهه‌لاتی له‌نده‌ن وای بۆ ده‌چیت كه‌ (كووشتنی نامووسی) هانده‌ری ئه‌و كووشتنه‌ بوو له‌ مانگی رابردوودا به‌رامبه‌ر (Anita Gindha) ی دوو گیان. Gindha ی له‌دایك بووی Sikh، رازی نه‌ببوو به‌ زه‌واجیك كه‌ خیزانه‌كه‌ی بۆیان ریكخستبوو. پاشان له‌ دینه‌كه‌ی خۆی وه‌رگه‌را هه‌تا شووبكات به‌ خۆشه‌وویسته‌كه‌ی خۆی. دواتر له‌ ماله‌كه‌ی خۆیدا له‌به‌رده‌م كۆرپه‌ 18 مانگانه‌كه‌یدا خنكیندرا.

وولاتانی تریش كه‌ جالیه‌ی له‌ خۆ گرتوه‌. ئه‌بینن كه‌ ریژه‌ی ئه‌و تاوان و كوشتنانه‌ له‌ به‌رز بوونه‌وه‌دان كه‌ تایبه‌تن به‌ (كوشتنی نامووسیه‌وه‌) .

له‌، Janeuary 2002 دا (Fadime shahindal) ی 26 سال كه‌ ژنیكی كورد بوو له‌ وولاتی سوید ده‌ژیا له‌ لایه‌ن باوكیه‌وه‌ كوژرا، له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی خۆشه‌وویستی هه‌بوو له‌گه‌ل كوریكی سویدیدا. هه‌روه‌ها ئه‌و زه‌واجه‌ی ره‌ت كردبوه‌وه‌ كه‌ له‌لایه‌ن مالی باوكیه‌وه‌ بۆی ریكخرا بوو. 4 سال پیشتر shhindsl داوای سزا دانی باوك و براكه‌ی راگه‌یاندبوو له‌ دژی ئه‌و هه‌ره‌شه‌و هیرشانه‌ی ده‌یانكرده‌ سه‌ری.